# بۆ/ هەر كەسێك ژیانی مرۆڤاییێتی لا مەبەستە!

## بەشی دووەم:

رێگای دووەم یان چارەسەری تاهە تایی بۆ نەخۆشی( ثالاسیما ).

بۆچارەسەرو بنەبڕكردنی ئەو دەردی كەم خوێنی ییە،بۆ كەسێكی تووش بوو بە ثالاسیما مایجر(مایۆر)Talassemia major.

بۆ ئەوەی كەسە تووش بووەكە بە یەكجاری رزگاری بێ و ببێ بە كەسێكی نۆرماڵ،چی تر پێویستی بە خوێن تێكردن و عیلاج وەرگرتن

نەبێ، پێویست دەكات نەشتەرگەری(زەرعی موخ )ی بۆ بكرێ.! كە ئەوەش:

1- لە مۆخی كەسانێك هەروەك و گرووپی خوێن گونجاو بێت. باشترە كەسی پلە یەكی نەخۆشەكە خۆی بێت.عەمەلییەكە سەركەوتوو ترە گەرلە

خووشك و برا بێت.لە وەش گرنگترو مسۆگەر ترە گەر لە(ناوك و وێلاش=هاوڕێ منالێ كۆرپەلە)واتا منداڵی تازە لە دایك بوو.!

2- نەشتەرگەرییەكە دەبێت لە یەكێك لە نەخۆشخانەكانی ئامریكا بكرێت،كە ئەوەش بەچكەی فەقیرو هە ژار قەت بۆی نالوێ.مەگەر منداڵی مەسئولێك بێت.!!

3- ئەو نەشتەرگەرییە لە وولاتانی ئۆروپایی وەك:بریتانیا - ئەڵمانیا - سوێد - ئیتالیا - فرەنسا ش دەكرێ. بەلآم بە پلەی یەكەم لە ئیتالیا بێ گرفت و سانا ترە!ئەگەرچی

(طب)ی ئۆروپاهەمووی هە ریەكە. وە رۆژانە لە رێگای داتاوە لە تەماس دان.

نەخۆشخانەو پلانی هاوبەشیان هە یە.بەلآم مەركەزی سەرەكی یەكەی تایبەت بە ثالاسیما وولا ئیتالیایە . چونكە نزیكترین وولآتی ئۆروپاییە یە لە هێڵی قبرس و مەنبەعی سەرهەڵدانی نەخۆشی ثالاسیماوە.! كە بەداخەوە ئەمیشیان هەر بۆ هەموو كەسێك دەست نادا.چوونكە

هەرچی منالآنی هەژارو ئەنفال هەیە لە كوردستان بە دەم ئەو دەردەوە بمرن، فیزایەكی شنگڵ ی پێ رەوا نابینرێ لە لایەن كاربەدەستانو بەرپرسانی كوردستانەوە!.

من بۆ خۆم موافەقەی مام جەلال و كاك كۆسرەت م هەبوو،وەك و پێشمەرگەیەكی كۆن وكادرێكی(p.u.k). دوای ئەوەی شەش مانگ پاسەپۆرتەكەم لە شەحندا بوو!

لای كاك بكر فتاح، كە نوێنەری یەكێتیی و حكومەتی هەرێم بوو لە ئیتالیا بە مەرجێ وەزعی منداڵەكەشم خراپ بوو،دە جاریشم سەر لە كاك عمر فتاح داوە، ئینجا

هیچی بۆ نەكردم و وەلآمم بە نەخێر وەرگرتەوە!! بە مەرجێ هەر بە تلیفۆن كردنێك، بە

کاک بکر فتاح دەکرا.! جا ئیتر بۆ منالانی(سمود-ڕزگاری و ئوردوگای شۆڕش) چۆن دەکرێ.؟!

4- هەروەها لە سوێد یش لە سالی(1984)ەوە ئە و نەشتەرگەرییە(زرع)ە دەکەن.بەلام لە هەموو سوید تەنها لە یەک شارو یەک نەخۆشخانە دەکرێ.ئەویش شاری یوتیبوری Göteborg یەو نەخۆشخانەی ئۆیستڕا östra sjukhus کە یەکێکە لە نەخۆشخانە گەورەو پێشکەوتووەکانی ئۆروپا. ئەوەی شیاوی باسە لێرە تەنها مندالی بێگانە،بەتایبەت کوردو عەرەب و تا ڕادەیەک فارس(ئێران)ی هەلگری بارگەی نەخۆشی ثالاسیمان.کە هە ر هەمووی لە چەند مندالێک تێناپەڕن.

5- تاکو ئێستا لەوولاتی ئێمەو ڕەنگە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی یش ناتوانرێ ئەو زەرعی مۆخە بکرێ. ئەگەر چی باس لەوە دەکرا لە وولاتی سعودییە دەکرێ و هەتا گوایە ئەو دکتۆرەی بەو کارە هەلدەستێت پرۆفیسۆرێکی کوردەو ناوی(ئەنوەر شێخە)یە. بەلام بە منالانی کورد چی؟!.

6- نەشتەرگەرییەکە دەبێ لە پاکترین ژینگەدا بکرێ.چوونکە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە هیچ جۆرێک و هیچ مەناعەیەک لە لەشی نەخۆشەکەدا نامێنێ و بە بچووکترین ڤایروس عەمەلییەکە هەلدەوەشێتەوە(سەرکەوتن لە دەس دەدا).!

7- خەرجی تێچوونی عەمەلییەکە نرخێکی خەیالی یەو تەنها حکومەت دەتوانێ بودجەکەی دابین بکات!.لێرە بۆ هەرنەخۆشێک کە پۆزەتیف(ئیقامە)ی هە بێت هە ر هە موو خەرجی تێچوونی عەمەلییەکە،لە سەر بودجەی نەخۆشخانەکە دەکرێت!!!.. بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشتی تەنها سوپاس ێکیش بن.!

8- نەشتەرگەرییەکە(زرعی مۆخ )ەکە بەلای کەمەوە 3 سێ هە فتە دەخایەنێ و داتریش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ژێر چاودێری هە مان پرۆفیسۆردا دەبێت کە کە عەمەلییەکە ئەنجام دەدات. خۆ ئەگەرنەخۆشەکە نیشتەجێ ی هەمان شاری یوتیبوری نەبێت و لە شارێکی ترەوە هاتبێ،ئەوا هەر لە لایەن نەخۆشخانەوە هۆتێل و خەرجی ئەو چەند ڕۆژەی خانەوادەی نەخۆشەکەش دابین کراوە! ئەمە مەبەستم وولاتی سوێدە لێرەدا.. لە بەشی سێیەم دا بەراوردی دەکەم لە گەل وولاتی خۆمان کە زادەی ئەوێین و هیچ فەزلێکمان لە سەر ئێرە نیە. تەنها بۆ پیادە کردنی کاری مرۆیی....

9- لە ماوەی دیاری کراوی عە مەلییە کە دا، نەخۆشەکە تووشی کۆمەلێ (موزاعە فاتی لاوەکی )دەبێت.کە ئەویش کاتی یە.

خۆ ئیتر لە هەمووی گرنگ تر، ئەو نەخۆشە بە هیچ جۆرێک نە خوێن ی تێ دەکرێ و نە عیلاج یش.!

باوکی کارۆ/سوێد